وزیری ناوخۆ سەردانی کارگەی دروستکردنی تابلۆی هاتوچۆ دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە"عەبدولئەمیر شەمری"وەزیری ناوخۆ ،سەردانی کارگەی دروستکردنی تابلۆی هاتووچۆی کرد، هاوکات ژمارەیەک ڕێنمایی دەرکرد.

وەزارەتی ناوخۆ لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە:- "عەبدولئەمیر شەمری " وەزیری ناوخۆ، بەیاوەری بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆ، سەردانی کارگەی دروستکردنی تابلۆی هاتووچۆی کرد ، و کورتەیەک زانیاری وەرگرت لەبارەیەوە میکانیزمی کارکردن تەیدا و گرنگترین ئەرکەکان کە ئەنجامی دەدەن.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە:- "شەمری " جەختی لە گرنگی چەکردنەوەی هەوەکان کردەوە لەپێناو خزمەتکردنی هاووڵاتیان لەو ئاستانەی کە لەگەڵیاندا بگونجێت، بەگوێرەی تەکنەلەجیای سەردەمیانە و هاوسەنگ بوون لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ڕوودەدەن.

هەروەک وەزیری ناوخۆ جەختیشیکردەوە لە پێویستی جێبەجێکردنی پلانەکانی داهاتوو کە باشترین ڕێگا بە کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ و لقەکانی هاوکاری و هەماهەنگی یە لەگەڵ دەزگا لەهاتووەکانی حکومەت بکەن،بەئامانجی کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ.